# ماڵئاوا عروبه

خالید قەشتینی .. و_ گۆران هەڵەبجەیی

گشت ئەوانەی بەنێوی عروبەو نەتەوەی عەرەبی وسەروەری وسەربەخۆییەوە دەپەیڤن، بکوژی ئەو زاراوانەن کەبەنێویەوە دەئاخفن، وە لەوەو بەریش هەر ئەوە پیشەیان بووە. هەرچی نەهامەتی وتێشکانێك دووچارمان بووە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوانەی بەدرووشمەکانی یەکیەتی عەرەبی و نەتەوەی عەرەبیەوە چەواشەیان کردووین. ئێستاش بە دەستخستنە ناوکاروباری عیراق دوا بزماریان بەو درووشمانەدا داکووتا. بەرلەچەند ڕۆژێك لە{ووتەکانی هەفتەدا}ئاماژەم بە ووتەی هاونیشتیمانیەکی عێراقی کرد کە ئیژێ عەرەبەکان لە عێراقیەکان ووریابکەرەوە' کە یەك لە سەر سێی گەلی عێراق لەبنەڕەتدا عەرەب نین. وە دووبەشەکەی دیکەشی لە ڕەگەزی خۆیان دەگەڕێن بەڵکە دەلیلێك بدۆزنەوە تابیسەلمێنێت کە عەرەب نین. بۆنمونە من بەشبەحاڵی خۆم لەم ڕۆژانەدا بۆم دەرکەوت کە بابە گەورەم لەدایکمەوە ئەفسەر بووە لەسوپای عوسمانیدا، وەلەجەنگی{ دەرعیە}دا کووژاو هەر لەوێشدا لەگۆڕنراوە.

لەوکتێبەیدا کە بەمدووایانە دەرچووە{ڕێگەمان لەبەغداوە} پسپۆڕە ئەمریکیەکان پرسیاری ئەو لوغزە دەکەن {بۆچی دیموکراتیەت ناتوانێت ڕەگیخۆی لە جیهانی عەرەبیدا داکووتێت؟}لەدەمێکدا دەبینین دیموکراتیەت لە دواکەوتووترین وڵاتی ئەفریقیدا گەشەدەکات ودەچەسپێت.

وەلێ لەجیهانی عەرەبی نە. ئەوجا دەپرسن هیچ ئومێدێك هەیە ئەو بەختە عەرەبەکانیش بگرێتەوە؟

لەم دەمەدا ڕووناکبیرە عەرەبەکان کەسایەتی دیکتاتۆرمان بە ڕیسواترین شێوە نیشان دەدەن. ئەو ڕووناکبیرانە تەنها بەوەوە نەوەستاون کە پشتگیریی وبەشداری لە بوونیادنانی دیکتاتۆریەت لە وڵاتەکەیاندا بکەن و ئیرادەیان بەسەرهاوسەرەکەیدایاهاوسەرەکانیدا}، زاڕۆکەکانیدا، خوێنکارەکانیدا، کارمەندەکانیدا فەرزبکات بەڵکو هەوڵدەدات ئیرادەی خۆی بەسەر گەلانی دیکەشدا فەرزبکات. لە عێراق هەندێك ڕاپۆرتی ڕاپرسین لەلایەن چەند دەزگایەکی سەربەخۆی پشکنیاریەوە ئەنجام دراون، لە هەموویاندا بە ڕێژەی 80 ./ی ئەوانەی پرسیان پێکراوە لەگەڵ مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانانن لەوڵاتەکەیاندا. وەلە60 ./ .یا پتر لە نیوە پشتگیری ئەوە دەکەن کە نەتەوەیەکگرتووەکان کاروباری وڵاتەکەیان بگرێتە ئەستۆ.

بەچ هەقێك ڕۆژنامەنووسێکی فەلەستینی کە پشتی لەژیانی وڵاتەکەیی وجیهانی عەرەبی کردووە و لە لەندەن لە سایەی سێبەری شاژنە ئەلیزابێت دا دەژی*، یاخود فلانە ژۆرنالیستی تەلەفزیۆنی لەقەتەر یا لە لوبنان هانی تێکدەرو جەردەکان دەدەن تا بەردەوامبن لەسەر کارەکانیان کە ناوی دەنێن بەرەنگاری نیشتیمانی؟

کێ مافی بەو هەتیوانەی سەدام داوە کەدژی ئیرادەی سێ لەسەرچواری گەلی عێراق بووەستن. واتا دژیبەرژەوەندی ومافیژیانێکی ئارام وسووریان لەسەر بیناکردنەوەی نیشتمانەکەیان. کە ئەمەش لەسایەی تاکە هێزدا ئەنجام دەدرێت کە توانای بەرقەرارکردنی ئاسایش وئاشتی و پاراستنیەکیەتی ولات و سەلامەتی سنوورەکانی و ڕێگەگرتن لە پارچەبوون و ڕوونەدانی شەڕی ناوخۆ هەبێت.

گەر عێزەکانی هاوپەیمان لەم کاتەدا بکشێنەوە و ولات ئاوڵاکەن بۆ ملمانێی هێزە سیاسیەکانی عێراق، ئەوانەی 13 ساڵە لە ملمانێدان بێئەوەی بتوانن بگەنە تەبایی و هەماهەنگی، پێدەچێت ئەوەدەمە ببێتە شەڕی ناوخۆ لەوجۆرەی لە سۆماڵ و لوبنان ووڵاتانی نێوەندی ئەفریقا ڕوویدا. جاگەر ئەوە ڕوویدا کێ ئاوبەو ئاورەدا دەکات؟عومرو موسی؟یاسر عرفات؟جامیعەی عەرەبی؟نا بەڕێزان چاکەدووربن لێمان ئێوەمان تاقیکردەوە بەشەویش و بەڕۆژیش. هێزەکانی هاوپەیمان لەعێراق ناکشێنەو تا کوتایی بە پەیامەکەیان نەهێنن. ئەو هێزانە بە

**خواستی زۆربەی گەلی عیراق لەوێن. پەیامەکەیان پەیامێکی پیرۆزەو شایانی سوپاسە. ڕژێمێکیان بۆلەنێوبردین بەدترین ڕژێم بوو لە نێو ئەو ڕژێمانەی تا ئێستا لەسەر زەووی پەیدابوون. گەلێکیان لە کۆیلەیەتی، مردن، نەبوونی، سوکایەتی ڕزگارکرد کە ئێستا ڕۆژ لەپاش ڕۆژ پێگەیان بە هاتنی هێزی ولاتانی دیکەدەچەسپێت.**

**هێزەکانی هاوپەیمان دەرکیان بەو ئەرکە کردووە کەلە ئەستۆیاندایە ئەویش چاندنی تۆوی شەرعیەتە لە دەسەلات ویاسادا، دەستەبەرکردنی ڕژێمێکی دیموکراسی، ڕزگارکردنی ئافرەت لەکۆیلایەتیو پاشکۆیی، بلاوکردنەوەی شەفافیەت لە ئیدارەدا، عەقلانیەت و گیانی زانستی لە خوێندندا وەپاراستنی مافی مرۆڤ .**

**باشەرمەزاربن تێکدەران و بەکرێگیراوان و دوواکەوتووەکان. خۆشحالمەبن بەوکارە دزی ئامیزانە کە هەر کۆتاییان دێت. بەم نزیکانە گەلی عیراق لەسەر پێکانی خۆی دەوەستێت، وە لەسەر تابلۆ وانەیەکی دیکە لەو وانە زۆرانە دەنووسێتەوە کەبە مرۆڤایەتی بەخشیوە. تا ئەو وانەیە ببێتە خالێکی ڤەپێشچوون بۆئەم ڕەوتە جوانە بەرەو ئازادی، ئازادیهزر ئازادی هەلبژاردن و خۆشەویستی. وە دەربازبوون لەو تاریکسانیەی کە ئێستا خاکی سۆمەرو بابل تێیدادەژی. لەو خاکەوەتیشکێك دەردەچێت کە ژیانی گشت دەڤەرەکە بە خۆری شارستانیەتی نوی و دەسەلاتی گەل و بالادەستی هۆش و مەعریفە ڕۆشن دەکاتەوە. کوڕوکیژانی ڕافیدەین لەوەوبەر لەم کارانەیان ئەنجام داوە و ئیمڕۆش ئەنجامی دەدەن.**

**ڕۆژنامەی شەرق ئەوسەت**

**ژمارە** 9000

*__پێدەچێت نووسەر لێرەدا مەبەستی عەبدلباری عەتوان بێت.__

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.